**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ٩٧٣٩ لە ٢٠١٦/٦/٢١**

**پاڵپشت بە دەقی ماددەکانی (٢، ٣، ٤- یەکەم/٤،٥٠) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی ڕێنمایی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان – عێراق:-**

## ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی ناحکومی

**ماددەی ( ١ ):**

**دەکرێت سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی ناحکومی دابمەزرێن کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری و ئەکادیمی و ئەهلیەتی یاسایین بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ، بە دامەزراوەی سوودی گشتی هەژمار دەکرێن.**

**ماددەی ( ٢ ):**

**داواکاری دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی زانستیی ناحکومی پێشکەش دەکرێت لە لایەن دەستەیەکی دامەزرێنەری خاوەن ئەزموون کە خزمەتیان لە (٧) حەوت ساڵ کەمتر نەبێت و هەروەها ژمارەیان لە (٧) حەوت کەس کەمتر نەبێت لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا لە پسپۆرییە زانستییەکانی سەنتەر کە (٣) سیانیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و (٢) دوانیان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بن هەروەها (٢) دوانەکەی تر خاوەن ئەزموون بن. داواکاریەکەیان راپۆرتێکی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت کە تیایدا داواکارانی دامەزراندنی سەنتەر بەڵێن دەدەن پێداویستییە ماددی و مرۆیی و زانستی و پێداویستی تر دابین بکەن هەروەها پەیڕەوێکی ناوخۆ ئامادە دەکەن کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

**١- ناوی سەنتەر.**
**٢- لیستێك بە ناوی دەستەی ئەمینداراني سەنتەر کە زانیاری کەسی و زانستی تێدا بێت.**
**٣- داهاتە داراییەکانی سەنتەر.**
**٤- بەشە زانستییەکان لەگەڵ دەستنیشانکردنی ژمارەی کارمەندانی هەر بەشێك و توانای زانستیان و شارەزاییان و خزمەتیان.**
**٥- پێکهاتەی رێکخستنی سەنتەر.**
**٦- هەر بابەتێکی تر کە کاروباری سەنتەر رێك بخات.**

**ماددەی ( ٣ ):**

**داواکارییەکە ئاراستەی فەرمانگەی پشکنین و دڵنیایی جۆری هەروەها فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەت دەکرێت لەبەر رۆشنایی مەرجەکانی دڵنیایی جۆری و متمانە بۆ توێژینەوەی زانستی.**

**ماددەی ( ٤ ):**

داواکارانی دامەزراندنی سەنتەر پابەند دەبن بە دابینکردنی گشت مەرج و پێداویستییە داواکراوەکان لە ماوەیەك کە لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەیان بە بڕیاری وەزارەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن.

**ماددەی ( ٥ ):**

وەزارەت بریاری پێدانی مۆڵەت بە سەنتەرەکە دەدات لە ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری و بریاری وەزارەتیش لەم رووەوە یەکلاییکەرەوەیە.

**ماددەی ( ٦ ):**

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی مۆڵەتی دامەزراندنی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی دەدات.

**ماددەی ( ٧ ):**

سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی پابەندن بە پێشکەشکردنی گشت پێداویستییەکان بە وەزارەت کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی کارەکانیان بە تایبەتی:

١- پلانی ساڵانەی سەنتەر.

٢- کردنەوەی بەشی تازە لە سەنتەر.

٣- راپۆرتی ساڵانەی سەنتەر دەربارەی بەرنامە و چالاکیەکانیان.

**ماددەی ( ٨ ):**

فەرمانگەی پشکنین و دڵنیایی جۆری لە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە کاری هەڵسەنگاندنی سەنتەرەکانی توێژینەوەی ناحکومی هەڵدەستن بەپێی یاسا و رێسا و ڕێنماییەکان.

**ماددەی ( ٩ ):**

دوای ئاگادارکردنەوەی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی لە ماوەی (٢) مانگدا وەزارەت بۆی هەیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەنتەر بدات لەکاتی سەرپێچیکردنی مەرجە داواکراوەکان لەلایەن ئەم سەنتەرانەوە.

**ماددەی ( ١٠ ):**

وەزارەت تایبەتمەندە بە تێڕوانینی ئەو سکاڵایانەی کە لەسەر سەنتەرەکان تۆمار دەکرێن و لە کاتی چارەسەر نەکردنیشیدا، دادگا خاوەن ویلایەتی گشتییە.

**ماددەی ( ١١ ):**

سەنتەرەکان بۆیان هەیە گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەکادیمی دەربکەن بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**ماددەی ( ١٢ ):**

ئەو گۆڤار و بڵاوکراوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و کۆنگرە و سیمینارانەی کە سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی ئەنجامی دەدەن بۆ مەبەستی ئەکادیمی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ناحکومی پێك دێن لە دەستەی ئەمینداران کە بریتین لە (٥ تا ٩ ) ئەندام بە مەرجێك یەك لەسەر سیانیان بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یاخود ماستەر بن و دوو لەسەر سیانەکەی تر خاوەن ئەزموون بن، ماوەی ئەندامێتی (٥) پێنج ساڵە و ئەم دەستەیەش بە باڵاترین دەسەڵاتی بەرپرس لە دارشتنی سیاسەتی زانستی سەنتەری توێژینەوە دادەنرێت لەبەر رۆشنایی سیاسەتی گشتی توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا و پێکهاتەی دەستە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- سێ ئەندام لە خاوەندارەکان یان پشکدارەکان ئەندام

٢- سەرۆکی سەنتەر ئەندام

٣- ئەندامەکانی تر کە خاوەندار و پشکدار نین ئەندام

سەرۆکی دەستە لە لایەن ئەندامانی دەستەی ئەمینداران هەڵدەبژێردرێت و ناکرێت ئەندامێتی دەستەی ئەمینداران و ئەندامێتی ئەنجومەنی سەنتەر لە یەك کاتدا کۆبکرێتەوە جگە لە سەرۆکی سەنتەر کە ئەندامە لە دەستەدا، ئەرکەکانی دەستەی ئەمینداران بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- دارشتنی سیاسەتی گشتی سەنتەری توێژینەوەی زانستی ناحکومی لەبەر رۆشنایی سیاسەتی توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا.

٢- وردبینیکردن و پەسندکردنی راسپاردە و بریارەکانی ئەنجومەنی سەنتەر.

٣- دەستنیشانکردنی سەرۆکی سەنتەر.

٤- بەرێوەبردنی کاروباری دارایی سەنتەر و وەبەرهێنانی و رەفتار پێوەکردنی بەپێی ئامانجەکانی سەنتەری توێژینەوەی زانستی.

٥- رەزامەندیدان لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی راژەی سەرۆکی سەنتەر یان پاڵاوتنی کەسێکی تر لە شوێنی ئەو یان بەخشینی لە کارەکەی.

٦- دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆکی سەنتەر.

٧- راسپاردەکردنی کردنەوەی بەشی زانستی تازە یان لێکدانی دوو بەش یان هەڵوەشاندنەوەی بەش بەپێی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و متمانە لە وەزارەت.

٨- پەسەندکردنی بوودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی.

٩- وەرگرتنی بەخشین و کۆمەك و یارمەتی و وەقف و وەسیەت.

١٠- دیاریکردنی خشتەی مووچە و کرێی گرێبەستی گشت کارمەندان لەگەڵ توێژەرەکان.

١١- تێروانینی پلانی ساڵانەی سەنتەر کە سەرۆکی سەنتەر پێشکەشی دەکات دەربارەی پرۆژەکانی توێژینەوەی زانستی.

**ماددەی (١٤):**

سەنتەری توێژینەوەی زانستی ناحکومی ئەنجومەنێکی دەبێت بە سەرۆکایەتی سەرۆکی سەنتەر و ئەندامێتی جێگری سەرۆکی سەنتەر و سەرۆکی بەش و دوو ئەندام لە توێژەرانی خاوەن ئەزموون کە مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدەن و سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات ئەگەر پێویستیی کرد و ئەرکەکانی ئەنجومەنیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- پێشنیاری سیاسەتی گشتی سەنتەر.

٢- بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی توێژینەوەی سەنتەر و پێشکەشکردنی راسپاردە.

٣- کردنەوەی بەش یان لقی زانستی نوێ لە سەنتەردا.

٤- ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە سەرۆکی سەنتەر.

**ماددەی (١٥):**

پێویستە سەرۆکی سەنتەر هەڵگری بروانامەی دکتۆرا بێت لە یەکێك لە پسپۆرییەکانی سەنتەر و خزمەتی لە(١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت و پلەی زانستی بە لایەنی کەمەوە ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر ) بێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- گرتنەئەستۆی گشت ئەرکە کارگێری و داراییەکانی سەنتەر و بەدواداچوونی چالاکیی و ئەرکەکانی تری سەنتەر.

٢- گرێبەستکردن لەگەڵ توێژەران بۆ جێبەجێکردنی کاری زانستی و توێژینەوەی تایبەت.

٣- ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانەی سەنتەر.

٤- سەرۆکی سەنتەر بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە جێگرەکەی.

**ماددەی (١٦):**

سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی زانستی ناحکومی جێگرێکی دەبێت کە مەرجە بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بروانامەی ماستەر بێت لە یەکێك لە پسپۆرییەکانی سەنتەر و خزمەتی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- هەڵدەستێت بە ئەرکی پلاندانان و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی کارمەندانی سەنتەر.

٢- هەماهەنگی دەکات لە نێوان بەشە زانستییە جیاجیاکانی سەنتەر هەروەها بەدواداچوون دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی زانستی.

٣- گرتنەئەستۆی هەر ئەرکێك کە سەرۆکی سەنتەر پێی دەسپێرێت.

٤- شوێنی سەرۆکی سەنتەر دەگرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی سەنتەر یان چۆڵبوونی پۆستەکەی.

**ماددەی (١٧):**

پێویستە سەرۆکی بەشی زانستی لە سەنتەری توێژینەوەی زانستی هەڵگری بروانامەی دکتۆرا بێت و خزمەتی لە(٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- هەموو ئەرکەکانی پەیوەست بە کاروباری زانستی و کارگێری و دارایی بەش و سەرپەرشتیکردنی کارمەندان جێبەجێ دەکات.

٢- پێشنیارەکانی ئەو توێژینەوانەی کە پێشکەش دەکرێن رێکدەخات و وردبینیان دەکات و دەیانخاتە بەردەم ئەنجومەنی سەنتەر بۆ گفتوگۆکردن دەربارەیان.

٣- پشتگیری ئەنجامدانی توێژینەوەکان .

٤- پێشنیاری دامەزراندنی توێژەر و تەکنیککارەکان دەکات لە بەشی زانستیدا.

**ماددەی ( ١٨ ):**

**یەکەم:** سەنتەر بوودجەیەکی هەیە کە سەرچاوەکانی پارەدار دەکرێت لەلایەن:

١- داهاتە داراییەکانی بوودجەی تەرخانکراو بۆ سەنتەر.

٢- بەخشین و کۆمەك و یارمەتی و وەقف و وەسیەت بۆ سەنتەر.

٣- بەرنامە جیهانیە زانستییە حکومی و ناحکومیەکان.

٤- کرێی خولەکانی راهێنان و ئەو خزمەتگوزاریە راوێژکاری و توێژینەوەییانەی کە سەنتەر ئەنجامی دەدات.

٥- کرێی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە سەنتەر.

٦- هەر داهاتێکی تر.

**دووەم:** دارایی سەنتەر وردبینی ساڵانەی بۆ دەکرێت لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمەوە.

**ماددەی ( ١٩ ):**

١- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرێی تۆمارکردنی سەنتەری توێژینەوەی زانستیی ناحکومی وەردەگرێت.

٢- سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی ناحکومی پابەندن بە پێدانی کرێی نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت.

**ماددەی ( ٢٠ ):**

ئەو سەنتەرانەی توێژینەوەی زانستی کە بە پێی یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ تۆمارکراون دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ دەقەکانی ئەم رێنماییە و لەدواییدا بە سەنتەری ئەکادیمی هەژمار دەکرێن .

**ماددەی ( ٢١ ):**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا.

**د. یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

## هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم رێنماییە

به مەبەستی کاراکردنی رۆڵی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا و لەبەر رۆشنایی کاریگەری رۆڵی وەبەرهێنانی تایبەت لەم بوارەدا بە پێویست زانرا ئەم رێنماییە دەربچوێندرێت.